سەرۆك کەمار کارنامەی لە بایەزانی نوێی فیلیپین و ئوسترالیا و فەرەنسا وەرگرت

سەرۆك کەمار د.لەتیف جەمال رەشید کارنامەی لە چارلی پاکنیان مانانجان بایەزی نوێی فیلیپین، گلین ئەندرە مایەز بایەزی نوێی ئوسترالیا و پاتریک دورەل بایەزی نوێی فەرەنسا وەرگرت و فوئاد حسەن جەگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە ئامادەبوو.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کەمار لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-لە میانی دیداری جیاجیای لەگەڵ بایەزی هەر سێ وڵاتەکە، کە ئەمڕۆ دووشەممە 12-2-2024 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچون، سەرۆك کەمار دوپاتیکردەوە، عێراق بەردەوام لە کارکردن بە پتەوکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ کەمەگەلی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای هاریکاری لە بوارە جیاجیاکاندا بەتایبەتی ئابوری و بازرگانی و هەماهەنگی و کاری هاوبەش بە بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەدا.

سەرۆك کەمار هیوای سەرکەوتنی بە هەر سێ بایەز خواست لە راپەڕاندنی ئەرکە نوێکانیان و پتەوترکردنی پێوەندی دوستانە لەنێوان عێراق و وڵاتەکانیان.

لای خۆیشیانەوە هەر سێ بایەز خواستی وڵاتەکانیان بە پتەوکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ عێراق و پەرەپێدانیان لەچوارچێوەی بەرژەوەندی هاوبەشدا، دەربڕی